# من نەوەی گەندەڵم

ئێوە نەتان زانیوە
کە من ناوم گەندەڵەو
کوڕی فلأنە گەندەڵچیم‌و
باوکیشم کوڕی هەمان ئەو
گەندەڵچیە کە باپیرم دەکات
کە لە سالأنێکی زووەوەی
سەدەی ڕابردوو ئەم پلەیەی هەبووە
کە چی ئێستا خۆم
یەکەم گەندەڵچیم‌و خوێنەرو
وتارنووس‌و
رۆشنبیری دژ بەگەندەڵیشم
خۆمی لێ ئەکەم بە
ئۆپۆزسیۆن‌ودەمەوێت
لە پەرلەمان‌وحکومەت‌و
رێکخراوەکان‌ورۆژنامەو
گۆڤارەکان‌وحزبەکان‌و
لەگەندەڵی بەرمەوەو
لە کۆتایشدا
پێم بڵێن:رۆشنبیرو
فەیلەسوفی گەندەڵی‌و

قارەمانی بەرانبەر
گەندەڵی ناوم بەرن
کەچی زۆر بە داخەوە
ئەم خەیاڵە نایخوات
بێ مەفایە چونکێ
هەر هەمووومان
گەندەڵین و کەسمان
دژی نین بە راستە قینەیی
بۆیە گەر بڵیم
نەوەی گەندەڵم
ناحەقم مەگرن
لەبەرئەوەی
هەرکەسێك
لەم وولاتەدا
زادەی گەندەڵییەکەو
خۆیشی گەندەڵێك
دێنێتە بەرهەم
هەر مەپرسە وبەس

محەمەد گەلاڵەیی
کوردستانی باشوور_سۆران
2006/4/6 _پێنج شەمە